Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## راگەیەندراوی RUK بەبۆنەی
## تەقینەوەکانی کەربەلا و کازمییە

پێشنیوەڕۆی رۆژی ١٢ی رەشەمەی ٢٧٠٣کوردی، ٢ی مارسی ٢٠٠٤، لە کاتێکدا دانیشتوانی شارەکانی کەربەلا و کازمییە و ناوچەکانی دەوروبەری وەك نەریتێکی مەزهەبی سەرقاڵی بەجێهێنانی رێورەسمەکانی عاشورا بوون، لە ئاکامی چەند کردەوەیەکی خۆکوژیی تێرۆریستیی هاوکاتدا و هێرشی ژمارەیەك چەکداری تێرۆریست لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعەدا، نێزیکەی ٢٧٠ کەس کوژراون و پتر لە ٤٥٠ کەس بریندار بوون، کە زۆربەیان لە دانیشتوانی ناوچە شیعە نشینەکانی عێراق و لە نێویاندا ژمارەیەکیش لە زیارەتکەرانی شیعەی وڵاتانی دەوروبەر هەن کە بۆ بەشداری لە رێورەسمەکانی رۆژی عاشورای هاتبوونە عێراقەوە.

ئەم تاوانە تێرۆریستیانە درێژەی ئەو زنجیرە کردەوانەن کە هەر لەپاش رووخانی حکومەتی بەعسەوە لە لایان دەستە و تاقمە تێرۆیستییە جۆراوجۆرەکانەوە بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی و نانەوەی دوو بەرەکی و پێشگیری لە رەوتی بنیات نانەوەی وڵات و جێگیر بوونی دیموٚکراسی و سەقامگیری ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا بەرێوەدەچن.

رووخاندنی رێژیمی دیکتاتۆری لە عێراقدا و حەولدان بۆ دامەزراندنی نیزامێکی دیموٚکراتیی فیدراڵی لە لایان هاوپەیمانان و گەلانی عێراقەوە تەنگی بە دوژمنانی دیموٚکراسی لە ناوچەکەدا هەڵچنیوە و ئەو رەوتە بەمەترسییەکی گەورە بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا دەزانن. بۆیە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، یەك لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کارنامەیەکی رەش و مێژوویيان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە، بە فکر و رێباز و بە دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست داڵدەی تێرۆریستان دەدەن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانیان لە یەك سەنگەردا دژایەتیی گەلانی عێراق و چەسپاندنی دیموٚکراسی لە ناوچەکەدا دەکەن.

ئاواتەخوازین گەلانی عێراق بە بنیاتنانەوەی وڵات و چەسپاندنی سیستمێکی دیموٚکراتیی و سێکۆلار و هەروەها بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانی کە تێیدا ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەستەبەر کرابێ، ئاشتی و ئازادی جێگیر بکەن و بەسەر دەستێوەردانی دەرەکیدا زاڵ بن و دەستی تێکدەرانەیان کورت بکەنەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەو تاوانە تێرۆریستیانە لە لایان هەر کەس و هێز و لایەنێکەوە ئەنجام درابێ، بەتووندی مەحکوم دەکا و بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆی پێشکەشی گەلانی عێراق دەکا و هاوخەمی و پەژارەی خۆی لەگەڵ کەسوکار و بنەماڵەی قوربانیانی ئەو روداوە دەردەبرێ و ئاواتی چاك بوونەوەی هەرچی زووتر بۆ برینندارەکانی ئەو کارەساتە دەخوازێ.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**١٥ی رەشەمەی ٢٧٠٣**

**٥ی مارسی ٢٠٠٤**

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com

www.kurdistannet.org